# توندترین ئازاردان لەلای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ لەسەر ئەوانەیە کە خۆیان دەچوێنن بە الله لە خوڵقاندندا

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێـت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هاتە ژوورەوە بۆ لام، ومن دۆڵابێکم بە پەردەیەك داپۆشی بوو ؛ کە وێنەی لەسەر کێشرا بوو، کاتێك بینی پچڕانی ورەنگی گۆڕا، وفەرمووی: «ئەی عائیشە، توندترین ئازاردان لەلای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ لەسەر ئەوانەیە کە خۆیان دەچوێنن بە الله لە خوڵقاندندا»، عائیشە دەڵێت: «دڕیمان وکردمان بە سەرینێك یان دووان».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- چووە نێو ماڵەکەی بۆ لای عائیشە، دۆڵابێکی بچووکی هەبوو کە هەندێك شتومەکی تێدا دادەنا؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بینی بە قوماشێك ئەم دۆڵابەی داپۆشیووە کە وێنەی ڕۆح لەبەری لەسەرە، بەهۆی تووڕەبوونی لەپێناو الله ؛ ڕەنگی گۆڕا ولایبرد، وفەرمووی: توندترین ئازاردان لەلای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ لەسەر ئەوانەیە کە خۆیان دەچوێنن بە الله لە خوڵقاندندا. عائیشە دەڵێـت: بۆیە ئێمە کردمان بە سەرینێك یان دووان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5931

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee